# جووتیاریکی زیرەک






Aras Press and Publishers
Kurdistan - Erbil
2004
www.araspublisher.com

# جووتیارێکی زیرەک

کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

**ئەمیری حاجی داود**

وێنەکێشان: شێروان موحسین

وێنەی بەرگ: دڵشاد عەلی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

***

ناوی کتێب: جووتیارێکی زیرەک – کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود

بڵاوکراوەی ئاراس: ٢٣٠

دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب – دلاوەر صادق ئەمین

دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم

خۆشنووسیی بەرگ: محەممەد زادە

پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید

هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود

چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٤

ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر: ٢٠٠٣/٤٠٢

# ڕێوی و دارەوان

دەگێڕنەوە دەڵێن دارەوانێک هەبوو زنجێکی* بچووکی هەبوو، ڕۆژێک ڕێوییەک لە ترسی ڕاوچییان ڕووی کردە زنجی دارەوانەکە بۆ ئەوەی خۆی لەوێدا شاریتەوە. داوای لە دارەوانەکە کرد حەشاری بدات، دارەوانەکەش لە ترسان ڕێوییەکەی شاردەوە، نەک لەبەرئەوەی دڵی پێ سووتابێ.

کاتێ ڕاوچییەکان هاتن، دارەوانەکە بە دەنگێکی بەرز گوتی: من هیچ ئاژەڵێکم نەبینیوە.

بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا بە دەستی خۆی ئەو جێگەی پێشان دەدان کە ڕێوییەکە خۆی تێدا حەشار دابوو.

کەچی ڕاوچییەکان ئاگایان لە جووڵەی دەستی دارەوانەکە نەبوو کە جێگەی ڕێوییەکەی پێشان دەدان، بۆیە ناچار بە ڕێگەی خۆیاندا گەڕانەوە. ڕێوییەکەش هاتە دەرەوە بە بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی لە دەم بێتەدەر و ڕۆیشت.

دارەوانەکە بە گازاندەوە گوتی:

* زنج: خانووی بچووک.





– تەنیا بە وشەیەکیش سوپاسمان ناکەی؟

ڕێوییەکە وەڵامی دایەوە گوتی:

– بۆچی سوپاست بکەم؟ بۆ ئەوەی بە زمانت گوتت یا بۆ ئەوەی بە دەست کردت؟

# زێڕی ڕاستەقینە

جووتیارێک هەبوو هەستی کردبوو کە وادەی مردنی هاتووە بۆیە منداڵەکانی بانگ کرد و پێی گوتن:

- ڕۆڵەکانم ئاگاداربن دەست لە زەویی باب و باپیرانتان هەڵنەگرن، چونکە زێڕێکی زۆری تێدایە. بەڵێ ڕاستە من شوێنی زێڕەکە پێ نازانم، بەڵام دڵنیام ئەگەر بە وردی و بە باشی زەوییەکە بکێڵن و چاکی بکۆڵن ئەوا دەیدۆزنەوە. نابێ هیچ شوێنێکی تێدا بەجێ بێڵن و هەموو جێیەکی بپشکنن ئینجا دەیدۆزنەوە.

منداڵەکان پاش ئەوەی باوکیان مرد، کێڵگەکەیان سەرتاسەر کێڵا، ئەم لاو گەڕان، ئەو لا گەڕان، جێگایەک نەما نەیپشکنن، تا وای لێ هات بەرهەمەکەیان دوو چەندانی ساڵانی پێشوو بوو.

بەڵام هیچ شتێکی شاراوەیان نەدۆزییەوە.

باوکەکەیان زۆر زانا بوو کە پێش مردنی خۆی پێی گوتبوون: زەوییەکە زێڕی تێدایە. بەڵام لە راستیدا مەبەستی ئەوەبوو کاری تێدا بکەن و بیکێڵن بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی باشتربێ.





# کەر و دەنگی خۆش

کەر دەنگی خۆی پێ خۆش نەبوو، بە تایبەتیش کاتێ دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی ئاژەڵانی تر و باڵندە و مێروولەدا بەراورد دەکرد.

ئێوارەیەکی هاوین، کەرەکە زۆر لای سەیر بوو کاتێک گوێی لە دەنگی کۆمەڵێک سیسرکە بوو، گۆرانییان دەگوت و وەک کۆرس بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە.

کەرەکە خۆی پێ ڕانەگیرا، لە یەکێک لە سیسرکە بچووکەکانی پرسی:

– ئێوە چی دەخۆن وا دەنگتان خۆش و زوڵاڵە؟

سیسرکەکە وەڵامی دایەوە گوتی:

– ئێمە ئاوی پیس نەبێ هیچی تر ناخۆین؟

ئیتر لەو کاتەوە کەرەکە دەستی لە خواردن هەڵگرت و تەنیا ئاوی پیسی دەخواردەوە بۆ ئەوەی دەگی خۆش ببێت، تا لە ئەنجامدا لە برسان تۆپی.

ئەمەیە هەندێک کەس بە بەشی خۆیان رازی نین و، ژیانی خۆیان دەخەنە ئازارێکی بێ واتاوە بۆ ئەوەی بیگۆڕن، تا لە ئەنجامدا زیان دەکەن.





# دارێک و دوو برادەر

دەگێڕنەوە دەڵێن دوو برادەر هەبوون، ڕۆژێکیان ئەو دوو برادەرە بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشتن، ڕێگەکە پڕ بوو لە بەرد. ئەو دەمە ڕۆژ گەرمێکی بەتین بوو، دنیا زۆر گەرم بووبوو. دوو برادەرەکە لەناکاو تووشی دارێک هاتن، دارەکە سێبەرێکی گەورەی هەبوو. خێرا ڕۆیشتن تا گەیشتنە بن سێبەری دارەکە بۆ ئەوەی کەمێک پشوو بدەن و لە گەرمای هەتاو بەدوور بن.

چوون لە ژێر دارەکەدا بە کاوەخۆ دانیشتن. سەیری دارەکەیان دەکرد، لەناکاو یەکێک لە برادەرەکان گوتی: ئای ئەو دارە چەند بێ کەڵکە، نە بەری هەیە و نە هیچ سوودی هەیە بۆ مرۆڤ؟

دارەکە بە تووڕەیی هاتە وەڵام و گوتی:

ئەی مرۆڤی تێ نەگەیشتوو! تۆ هاتوویت خۆت لە گەرمای ڕۆژ بپارێزی و پەنات بۆ سێبەرەکەم هێناوە، کەچیش پێم دەڵێی بێ سوود و بێ کەڵک؟

پێشینان وتوویانە: قسە بەو سایە و سێبەرە مەڵێ کە پەنات بۆ بردووە! یان ئەو کەسەی چاکەی هەیە بۆت!





# مەیموون و ڕاوەماسی

مەیموونێک لە دارستانێک دەژیا. ڕۆژێکیان مەیموونەکە لەسەر لقەدارێک هەڵقونجابوو و، سەیری چەند ڕاوچییەکی دەکرد کە لە گۆمێکدا راوی ماسییان دەکرد. کاتێک کە نیوەڕۆ هات ڕاوچییەکان چوون فراڤین بخۆن. بەڵام تۆڕی راوکردنیان لە قەراغی ئاوەکەدا بەجێ هێشت.

مەیموونەکە ئەم هەلەی قۆستەوە و لەسەر دارەکە هاتە خوارەوە و تۆڕەکەی گرت بە دەستەوە. ئینجا هەوڵی دا ئەویش وەکو ڕاوچییەکان راو بکات. بەڵام دوای چەند هەوڵێک خۆی لەناو تۆڕەکەدا بینییەوە. بۆی دەرکەوت ناتوانێ خۆی دەرباز بکات.

لەبەر خۆیەوە گلەیی لە خۆی دەکرد و دەیگوت: لاسای خەڵکم کردەوە تا خۆم تووشی ئەم بەڵایە کرد.

لەو کاتە مەیموونێک بەوێدا هات. دیمەنەکەی بینی و پێی کەنی، گوتی:

– برا، پێویست بوو جاری یەکەم خۆت فێرە هونەری ڕاو بکردایە، ئینجا بە کردەوە دەستت پێ بکردایە، چونکە هەموو پیشەیەک لێزانینی خۆی دەوێت.





# بۆق و چێڵ

دەگێڕنەوە دەڵێن بۆقێک هەبوو، زۆر بچووک بوو. بەڵام حەزی دەکرد هێندەی چێڵێک گەورەبێ، شەیدابوو بۆ گەورەییی چێڵ. ئینجا بۆ ئەوەی ئەم حەزەی بێتەدی، چوو هێندەی ئاو خواردەوە تا هەموو گیانی ئاوسا.

پاشان چوو بۆ لای هاوەڵەکانی و لێی پرسین:

– ئەرێ ئێستا من وەکو چێڵ گەورەم؟

– هاوەڵەکانیشی سەیریان کرد و لەگەڵ چێڵدا بەراوردیان کرد، تێر پێ کەنین و، گوتیان:

– نەخێر، هێشتا زۆرت ماوە وەکو چێڵ گەورەبیت.

بۆقەکە جارێکی تر دەستی کردەوە بە ئاو خواردنەوە.





دیسان هاوەڵەکانی گوتیان: هێشتا زۆرت ماوە.

جارێکی تر دەستی کردەوە بە ئاو خواردنەوە. ئەمجارە هێدەی ئاو خواردەوە ئیتر بەرگەی نەگرت و تەقی.

ئەنجامەکەی ئەمەبوو، بۆقی بەستەزمان نەتوانیی ببێ بەچێڵ، نەوەکو بۆقیش مایەوە.

# گورگ و حاجی لەق لەق

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، گورگێک هەبوو لە لێواری رووبارێکدا دەژیا. ڕۆژێکیان شەپۆڵەکانی ئاو ماسییەکیان هەڵدایە لێواری ئاوەکە، گورگەکە ماسییەکەی قۆستەوە و بەپەلە خواری. بەڵام ئێسکێک لە گەروویدا ئاسێ بوو. چەندی کرد ئێسکەکە دەرنەهات. چوو گەڕا تا حاجی لەق لەقی دەنووک درێژی دۆزییەوە و داوای لێ کرد ئێسکەکەی بۆ دەربێنێ.

گورگ بە حاجی لەق لەقی وت:

– ئەگەر ئەم ئێسکەم بۆ دەربێنی خەڵاتێکی گەورەت پێشکێش دەکەم.

حاجی لەق لەق ڕازی بوو، دەنووکی بردە ناو دەمی گورگ و ئێسکەکەی دەرهێنا. گورگەکە سوپاسی کرد و ڕۆیشت.

حاجی لەق لەقەکە گوتی:

– کوا خەڵاتەکە؟

گورگەکە وەڵامی دایەوە:

– چی! هێندە بەس نییە کە سەرت هێنایە ناو دەمی من و پاشان بە ئەسپایی دەرت هێنا! ئەوە گەورەترین خەڵاتی ژیانە ئەگەر بزانی، چونکە نەمخواری.





# ئەسپ و گورگ

هەبوو نەبوو ئەسپێک هەبوو، ئەسپەکە لەناو مێرگ و چیمەنێکی خۆشدا ژیانی بەسەر دەبرد. جارێکیان سەیری کرد وا لە دوورەوە گورگێک بۆ لای وی دێ. ئەسپەکە ترسی لێ نیشت. کەوتە شەلەشەل، لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە گوتی (گورگ بەهێزە لێی رزگار نابم ئەگەر فێڵێکی لێ نەکەم).

گورگ بە پەرۆشەوە لە ئەسپەکەی پرسی:

– ئەسپی برا، چییە بۆ وا دەشەلی!

ئەسپەکە گوتی:

– ئەوە دڕکێک چووتە ناو پێمەوە و زۆر ئازارم دەدا.

گورگ گوتی:

– ئەمە شتێکی زۆر ناخۆشە، بەڵام بەختت باشە و من شارەزام لەم جۆرە کارانە.

کاتێ گورگ نزیک بووەوە لە قاچی ئەسپەکە بۆ ئەوەی دڕکەکە دەربێنێ، ئەسپەکە تا هێزی هەبوو جووتەیەکی لەناو دەمی گورکەکە دا، دەم و ددانی تێک شکاند و هەمووی هاڕی.

ئیتر بەم فێڵە ئەسپەکە رزگاری بوو لەگورگی برسی.





# چاوچنۆک و دز

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، پیاوێکی چاوچنۆک و دەس تەنگ هەبوو. ڕۆژێکیان ئەو پیاوە چوو بۆ لای زێڕینگرێک بۆ ئەوەی پارە زێڕەکانی بۆ بگۆڕێتەوە بە پارچە زێڕێکی گەورە.


دوای ئەمە، پیاوەکە چوو بە نهێنیێ ئەو پارچە زێڕەی لەناو کێڵگەکەیدا شاردەوە. هەموو ڕۆژێش دەهات بۆ سەیری زێڕەکەی و، چەند ساتێک بە دڵخۆشی لەلایەوە دادەنیشت.

ڕۆژێکیان هەستی کرد یەکێک هاتووە کێڵگەکەی هەڵکۆڵیوە و زێڕەکەی بردووە. دانیشت و کەوتە گریان و باوکەڕۆ. بە لەدەست چوونی زێڕەکەی زۆر خەمبار بوو.

لە ناکاو گوێی لە دەنگی دراوسێیەک بوو. دراوسێیەکە پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت هۆی ئەو گریانە و شین و شەپۆڕە چییە، گوتی:

دڵتەنگ مەبە برام، پارچەیەک بەرد لە جێگەی زێڕەکە بشارەوە و هەموو ڕۆژ سەیری بکە. ئیتر وەکو جارانە، چونکە هیچ سوودێکی نییە تۆ شتێکت هەبێت و بە کاری نەهێنی، جا ئەو شتە چ زێڕ بێت چ بەرد.







# زەنگوڵ

دەگێڕنەوە لە گوندێکدا سەگێکی دڕ هەبوو، بووبوو بە هۆی مەترسی بۆ تەواوی خەڵکی گوندەکە. کەس نەیدەوێرا بەلایدا ڕەت ببێ، دەستی دەکرد بە وەڕین و پەلاماردان. خاوەنەکەی بیری لەوە کردەوە ئەگەربێو زەنگوڵێک بە ملیەوە هەڵواسێ ئەوا خەڵکەکە لە هاتن و پەلامارەکانی ئاگەدار دەبنەوە.

بەڵام وێڕای ئەمەش سەگەکە خۆی گەورە هاتە پێش چاو و، شانازیی بە زەنگوڵەکەوە دەکرد. زۆر پێی دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی لە هەموو شوێنێک زەنگوڵەکەی لەگەڵدا بوو. زەنگوڵەکە وای کردبوو خەڵک لە دوورەوە ئاگاداری هاتنی بن.

ڕۆژێکیان تووشی پیرە سەگێک هات، پیرە سەگ گوتی:

– ئەی بێ مێشک تۆ خۆت بە چی تێ گەیشتووی؟ بۆ وا بە خۆت دەنازی؟ ئەم زەنگوڵە مایەی شانازی نییە بۆ تۆ، بگرە مایەی شەرمەزارییە. ئەمە نیشانەی ئازایی نییە، ئەمە نیشانەیە بۆ شەڕ و پەلامارەکانت. بۆ ئەوەیە خەڵک لە هاتنت ئاگەدار بن تا خۆیان بشارنەوە.

# مەیموونی دادوەر

ڕۆژێکیان گورگێک بە ڕێوییەکی گوت:

- تۆ تاوانباریت چونکە فێڵت لێ کردووم.

بەڵام ڕێوییەکە بە گورگەکەی گوت:

- تۆ تاوانباریت چونکە دزیت لێ کردووم.

پرسەکە لە کۆتاییدا بەوە گەیشت کە سکاڵایان ببەن بۆ دادگە. مەیموون بوو بە دادوەری نێوانیان. بەڵام کێشەکە ئەوەندە ئاڵۆز بوو تەنانەت دادوەریش نەیتوانی هیچ بکات.

لە ئەنجامدا دادوەر ئارامی نەما و تووڕەبوو، گوتی:

- گورگ تاوانبارە، چونکە درۆی بۆ ڕێوی هەڵبەستووە. ڕێویش تاونبارە، چونکە ڕێوی بۆ خۆی دز و فێڵبازە. لەبەرئەوەی کە گرتووخانە جێگەی دز و درۆزن و فێڵبازانە، بۆیەبڕیارم دا هەردووکتان بنێرم بۆ گرتووخانە.





# گوێ درێژی دزراو

هەبوو نەبوو، جووتیارێک هەبوو، جووتیارەکە گوێ درێژێکی هەبوو. ڕۆژێکیان جووتیارەکە گوێ درێژەکەی لەناو کێڵگەکەیدا بەرەڵڵا کرد، پاش ماوەیەک هەستی کرد دز گوێ درێژەکەیان دزیوە.

ئیتر ئەویش دەستی دایە کوتەکێک و کەوتە گەڕان بەناو کۆڵانەکانی گوندا، بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد و دارەکەی رادەوەشاند و دەیگوت:

– هەی دز، هەی ترسنۆک، پێت دەڵێم زوو گوێ درێژەکەم بۆ بێنەوە، ئەگەرنا ناچار دەبم کارێک بکەم وەک کارەکەی باوکم.

جووتیارەکە بەو هەڕەشەیە هەموو خەڵکی گوندەکەی ترساند. تا لە ئەنجامدا دزەکە لە ترسان گوێ درێژەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشان یەکێک چوو بۆ لای کابرا و لێی پرسی:

– ئەرێ باوکت چی کرد کاتێ گوێ درێژەکەیان دزی؟

جووتیارەکە بە پێکەنینەوە گوتی:

– گوێ درێژێکی تری کڕی!

ئیتر بەم گاڵتەوگەپە جوتیارەکە گوێ درێژەکەی خۆی دەست کەوتەوە.





# گورگ

گورگێک هەبوو، بەردەوام بە دەوری مێگەلە مەڕێکدا دەسووڕایەوە و لە دوویان نەدەبووەوە، بەڵام وادیار بوو کە نیازی کاری خراپی نییە چونکە هیچ شتێکی چەوتی نەدەکرد.

سەرەتا شوانەکە زۆر چاودێریی گورگەکەی دەکرد تا بزانێ ئەم گورگە بە تەمای چییە، پاشان بۆی دەرکەوت هیچ نیازی چەوتی نییە بۆیە ئەویش لەلای خۆیەوە گورگەکەی زیاتر بە پاسەوان دادەنا نەک بە دوژمن.

ڕۆژێک شوانەکە چوو بۆ شار، هیچ خەمی مێگەلەکەشی نەبوو چونکە گورگی لەلا بەجێ هێشتبوو.

بەڵام پاش ئەوەی شوانەکە ڕۆیشت ئیتر گورگ کەوتە هێرش و پەلاماردانی مێگەلە مەڕەکە و ئەوەی خواردی، ئەویتری خنکاند.

کاتێ شوانەکە هاتەوە کارەساتەکەی بە چاوی بینی زۆر خەمبار و دڵتەنگ بوو، پەشیمانیش بوو لەوەی کە گورگی بەدیار پەزەکانیەوە بەجێ هێشتبوو. گوتی:

– زۆر گەوج و نەفام بووم کە متمانە و بڕوام بەگورگ کرد. بۆیە شایەنی ئەوەی هەرچییەکم پێ بگوترێ.

نابێ مرۆڤ پشت بەدوژمن و ناحەز ببەستێ.





# ئەو مریشکەی هێلکەی زێڕینی دەکرد

ڕۆژێکیان ژنێک مریشکێکی لە بازێڕ کڕی، زۆر لای سەیر بوو کە زانیی مریشکەکە هێلکەی زێڕین دەکا.

لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ئەگەر بێت و ئەو مریشکە لە ڕۆژێکدا هێلکەیەک زیاتر بکات، ئەوا بە ماوەیەکی کەم بۆ خۆم دەوڵەمەند دەبم.

ئەمە هانی ئافرەتەکەی دا هەموو ڕۆژ خۆراکی زیاتر بدا بەمریشکەکە بۆ ئەوەی هێلکەیەکی تریشی بۆ بکات.

ئیتر ژنەکەی بەردەوام بوو لە خۆراک پێدانی مریشکەکە بەشەو و بەڕۆژ. مریشکەکەش بێ وەستان هەر دەیخوارد و دەیخوارد، تا وای لێ هات نەیتوانی ئەو خواردنە هەرس بکات کە خواردبووی، ئیتر لە ناکاو مرداربووەوە. ئەوەبوو ژنەکە ئەو تاکە هێلکەیەشی لە دەست چوو کە جاران دەهاتە دەستی.

گوتوویانە: ئەگەر مرۆڤ چاوی تێر نەبێ زیان دەکا نەک قازانج.





# جووتیاری زیرەک

هەبوو نەبوو جووتیارێک هەبوو، کچێکی جوانی هەبوو. شێرێک هەبوو شەیدای ئەو کچە جووتیارە بووبوو. ڕۆژێک لە ڕۆژان شێرەکە چوو بۆ خوازبێنیی کچە جووتیارەکە.

مام جووتیار لەبەرئەوەی زۆر لە شێرەکە دەترسا، نەیتوانی داواکەی پەسند نەکات، بەڵام نەشیویست کچەکەی بدات بە شێرێکی ترسناک و خوێنڕێژ. بۆیە بیری لە بیانوویێک کردەوە تا خۆی لەم کێشەیە ڕزگار بکات.

جووتیارەکە بە شێرەکەی گوت:

– کچەکەم زۆر بەختەوەر دەبێت ئەگەر شوو بە تۆ بکات، بەڵام کچی من ناتوانی سەیری ئەو کەڵبە گەورە و چڕنووکە تیژانەت بکات، بۆیە ئەگەر بێتو هەموو کەڵبە و چڕنووکەکانت هەڵکێشی ئەوە کچەکەم شووت پێ دەکات.

شێرەکە زۆر ئەشقی کچە جووتیار بووبوو بۆیە هەموو کەڵبە و چڕنووکەکانی خۆی لە بنەوە هەڵکێشا. ئیتر شتێک نەما جووتیار لێی بترسێ، بۆیە کەوتە لێدانی شێرەکە بە دار و کوتەک. شێرەکە لەبەر ئازاری لەشی هەڵهات و ڕۆیشت، بەڵام زۆر پەشیمان بوو لەو کارە گەوجییەی کردبووی.

پەشیمانی لە دوای چی!



